کۆنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستپێکرد



کۆمەک لەمووبەر کارەکانی کۆنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستپێکرد.

بەیانی ئەمڕۆ هەینی 27ـی کانوونی یەکەمی 2024، کۆنگرەی نەهەمینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لەمبارەیەوە سەرۆکایەتی بەهادین ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا باسی هێندەک کێشە و گرفت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کرد و رایگەیاند: "مەسەلەی مووچە یەکێک بوو لە گرفتە بەردەوامەکانی ئێم پێنج ساڵی رابردوو، ئەمە لەمە بەدەنگ نەبووین".

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەشڵێت: بەداخەوە ئەم خولەی پێستی ئەمیندارێتی یەکگرتوو پێنج ساڵ بوو، نەمانتوانی لە ساڵی 2023 کۆنگرە ببەستین "ساڵەکمان بەپێی پێویستی ناوخۆ درێژکردەوە".

لەبارەی ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و گرتنە دەستەکانی لایەن چەکدارە تووندڕەوکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نزیک لە تورکیا، سەرۆکایەتی بەهائەدین گوتوویەتی: چواردە ساڵە گەلانی سووریا کێشە و خەبات دەکەن، بە بڕەهەمبوو، بەڵام دیارە لەم وێستگەیە بەخێر گەیشتوون، دەمانەوێت لە دیمەشقەوە بە دەستور، چارەسەر بە حاڵەتی نێتوەیی کورد دیاریبکرێت.